# ئاسۆی بنەما دیموکراتیەکان خەریکن بدرەوشێنەوە

**بارزان شوان**

هەندێک ڕووداوی بنگەیی هەن کە ڕاماندەکێشیت ، دان بەوەدا بێنین جۆرە گۆڕانکاریەک لە جیهاندا هاتۆتە کایەوە، کە بێ شک بۆتە هۆی هاتنە دی بارێکی وا ڕوخساو لە کوردوستان و وولاتانی دراوسێماندا کە گەشبین بین بەرامبەر بە ڕووداوە تەقلەهەقەکانی ڕۆژگارەوە، ڕەنگدانەوەی ئەوگۆڕانکاریانەش بێگومان بە دوای لە ناوچوونی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕەوە شکۆفەی داوەتەوە ،سەراوگێڕی ئەو ڕووداوانە خۆشحالانە تەنها بۆ سەقام گرتنی ئاسۆیەکی نوێ یە بۆ بە پراکتیزە کردنی ماف و یەکسانی مرۆڤ لەو ناوچانەدا، تەزووی باریکی ڕووناکی بنەما دیموکراتیەکان وا لە دوورەوە بە دی دەکرێن، لەم زوانەش گشت میللەتان لە ژێر سایەی ئازادی و مافی مرۆڤ و مافی ڕادەربڕین و پێکهێنانی پارت و ئەحزابە سیاسیەکان و دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەری و شارستانیەکان و بەشداری کردنی هاولاتیان لە دەستەلات و جێگۆڕکێ کردنی بەرپرسێتی بە هۆی سەندووقەکانی دەنگدانەوە دێنە نیشان کرن، بە وویستی گەل و هێزی فیکری ڕۆشنبیرانەوە دەرفەتی زۆر باشترمان لە ئاییندەیەکی نزیکدا بۆ ڕێک دەکەوێت کە کاریگەرتر بێت لە هەڵکەوتەکانی ڕۆژگاری ئەورۆ. ڕۆژگاری ڕەشی ڕابردوومان بەو هەموو ڕووداوە شێوە یادگارە دژوارە تراژیدیا پڕبە ئازارە جارێکی تر بە هیواین ببڕای ببڕهەرگیز ڕوومان تێ نەکاتەوە.

## <u>کارەساتی دەستەلاتی تاک</u>

کاتێک کە باس لە ڕۆژی دوێنێ دەکەم، تەنها مەبەستم لەو ڕۆژانە نیە کە میللەت لە ژێر دەستی داگیرکەران بوون، بەڵکو لە بنەڕەتدا باس لە ڕزگاربوونی نەتەوەکان لە کۆنە پەرستان و داگیرکەران و خوێنمژان بە دوای وەدەست هێنانی سەربەخۆیی و ئازادی گەلان دەکەم.

پاش بە دیهێنانی سەربەخۆیی گەلان لە ژێردەستی  ڕژێمە چەوسێنەرەکان و داگیرکەرەکان، دەستەڵاتییێکی تر بە ناوی دەستەڵاتی گەلەوە، کە خۆیان لە ڕاستەقینەدا لە چەند پارتێکی سیاسی ڕزگاریخواز پێک هاتبوون، هاتنە سەرمەیدانی هێزە سیاسیەکان و پەیدا کردنی شیوەی دەستەڵاتێکی نوێ وچۆنێتی بە کارهێنانی ئەو بەرپرسیە ، کە زۆربەیان ڕۆژانی ڕابردوو بریتی بوون لە چەن تاقمێک و ئەحزابێکی وولات پارێز، بوون بە هۆی شێواندنی کێشەو گرفتەکان ، ئەمانە توانیان دەستەڵاتی خۆیان بە زۆردی بە سەر میللەتدا بسەپێنن، ڕەفتاری ئەم جۆرە پارتە خۆ وویستانە لە زۆر وولاتە عەرەبیەکان وهەندێک لە ڕێکخراوە کوردوستانیەکانی پارچە ڕزگارکراوەکانی کوردوستانی خۆشمان بە ڕوونی بە دی دەکرێن، بە ڕاشکاوی بە ئاگاهین چلۆن ئەمانە زولّم و زۆری و چەوسانەوەو پێشێل کردنی مافی مرۆڤیان ڕووبەڕوی  هەندێک لە تاکەکان و گروهەکانی گەل بەکاردەبەن، ئەم ناڕەواییە بە تایبەتی دژ بەو تاقمانە دەکرێن کە بۆچوونەکانیان لە گەڵ بەرژەوەندیەکانی دەستەڵاتدارانەوە یەک ناگرنەوە، کە هەر خۆشیان واتە ئەو دەستەڵاتدارانە بە هۆی چەند ڕووداوێکی مێژوویەوە توانیویانە حوکم بگرنە دەست، هەر ئەمانە بوون حوکمیان هەر بە بۆنەی بوونی هێزوو پارەوە توانیوە بۆ خۆ ڕاکێشن و بقۆزنەوە. بە هۆی ئەوەی کە هێزی سەربازی و ئاسایشیان کرد بە داردەستێک بۆ بە هێزکردنی بوونی خۆیان و بە کاریان دەبردن بۆ چەسپاندنی حوکمی بە زۆردی خۆیان، ئەم ڕەفتارەشیان نواند بەرامبەر بەگەلەکەیان، هەر لە بەر نەزانی بەڕێوەبردنی ئیدارەی حوکمی خۆیانەوە بوو، ئەم ئەحزابانە دووربینی سیاسیان تیا دا بە دی نەدەکران، جا لە بەر نەبوونی خەڵکانێک کە پاڵپشتیان لێوە بکات، ناچار ئەم گرووپە سیاسیانە هەستان بەچەسپاندنی هێزی بە زۆردی بەرامبەر بە گەلەکەیان، ئەویش بێگومان بووبە هۆی نەمان و تواندنەوەی دەنگانی ئازادی گەلەکەیان، خۆ لە بری ئەوەی پشت بە میللەتەوە ببەستن و ڕازیان بکەن کەچی بە پێچەوانەوە کارەکانیان دژ بە خواستی گەل دەدۆماند. وایان دەزانی هەر کەس بۆچوونی ئەوانی نەبێت خۆفرۆشە ، وە هەر ڕەخنەگرێکیش بە تەمای گۆڕینی حوکمە، ڕۆشنبیرانێش بە نیازی هەڵگەڕانەوەی گەلن لێیان، هەر کەس مافی مرۆڤی بوێت بە بوونی هزری ڕووخێنەر ناویان دەبردن، هەر بۆیە هەموو ڕەخنەگرانیان

ترساند و گشت نووسەرانی خاوەن ویژدانیان توور لە زیندانخانەکان کرد، بەم جۆرە کردەوانە ئاشکرایان کرد کە هەر بەخۆیان بۆئازادی گەلەکەیان گەلێک لە داگیرکەران خراپتربوون.

خۆزیا ئەم جۆرە حوکەمەتانە بەوەشەوە بوەستانایە کە خەڵکانی بێ تاوانیان ئەشکەنجە دەداو لە زیندان دەکردن، بەڵام بەڵا گەورەکە ئەوە بوو کە هەرچی بەرووبوومی وولاتیش هەیە کە خودا داویەتی بەو میللەتانە و سامانەکەشی بە ملیاردەها دۆلار دەژمێردرێت ،خستیانە ژێر باڵی خۆیان و پەستایانە نێو بانقەکانی دەرەوەی ووولات، ئەو پارانەیان بۆ خۆ ڕفاند لە جیاتی ئەوەی بە کاری بێنن بۆ بەرژەوەندی گەل و ژیانێکی بەختەوەرتر بۆ هەموو هاوڵاتیان و هەوڵی دابین کردنی ژیانێکی ئاسوودەتر بدەن بۆ نەوەکانیان.

زۆربەی زۆری ئەو دەسەڵاتدارانە نەخوێنەوار ونەزان و تاریک بینن، لە سیاسەتی نێودەوڵەتیشدا تەقەی سەریان دێت ، بەڵام داخەکە لەوەدایە کە خۆیان بە بلیمەت و ڕوونکابیر دەزانن، زۆربەیان بە خەیاڵ وەک ڕۆستەمی زاڵن، کەچی لە لە ڕەواڵەتدا تەنها بە سنگ وەک شێرن . هەندێک لەوانە وا دەزنن بەو چەند سەرباز و تفەنگ و چەکە کۆنانەوە، دەتوانن بەرەنگاری گەل ببنەوە، زۆربەیان ئەوەندە لە خۆ بایی بوون پێیان وابوو کە بە خەڕەکە شکاوەکانیان دەتوانن هێزە گەورەکانیش بڕووخێنن، نموونە بۆ ئەمەش شەڕە دۆڕاوەکەی ڕژێمی سەدام حوسێن بوو ، کە نە خۆی و نە هێزە سەربازیەکەشی توانایین خۆیان ڕاگرن بەرامبەر بەو هەموو چەکە نوێیانەی کە لە دوورەوە بە لیزەر دەست نیشانی شوێنە سەربازیەکان دەکرێن. بە پێچەوانەی ئەمانەوە چەند سەرکردەیەکی لە خۆ بردووی عارەبی کە ژمارەیان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و بەڕاستی دەتوانین بە بلیمەتیان دابنێین ، ئەویش هەر لەبەر ئەوەی کە توانیان ئاستی ئابووری وڵاتەکانیان بگەیەنە ئاستی یەکێک لە باشترین ووڵاتانی پێشکەوتوو، تەنانەت هەندێکیان ئەوەندە بیر تیژن کە بیریان لە پاشەکەوتی پارەکانیشیان بۆ خزمەتی گەل کردۆتەوەو ژێرخانێکی گەورەشیان بۆ نەوەکانی دواڕۆژیان بە جێ هێشتوە. یەکێک لەم دەوڵەتە عارەبیانە هەستاوە بە غڕ کردنەوەی پارە لە

خۆ زیادەکانی نەوتەکەی و کردۆتی بە سەرخانێکی قەڵەو، کە تا ئێستا خۆی لە 200 ملیارد دۆلاری ئامریکی داوە.

## جێهانێکی جودا

بۆ هەر هەموومان ئاشکرایە کە جیهان ئەورۆ چلۆن پێشکەوتوەو مافە سەرەکیەکانی ئادەمیزاد بە ئاشکرا دەبینین چلۆن زیاتر ڕۆژ بە ڕۆژ بایەخی پێ دەدرێت، هەر لە بەر ئەوە مرۆڤی کوردیش لە هەر کوێیەک یان لە ژێر سایەی هەر چ ڕژێمێکی سیستێماکیدا لەم جیهانەدا ژیان بەسەر بەرن ، مافی ئازادی و دیموکراتی و یەکسانی دەبێت بۆ دابین بکرێت، ئەم مافە لە پلەی یەکەمدا پێی دەشێت وەک مرۆڤ و لە پلەکانی تریشدا وەک پێویستی ژیان لە هەڵبژاردن و بۆچوونی تایبەتمەندی سەربەخۆیی خۆیەتی بەرەو ئایندەیەکی ڕووناکتر.

وەک دەردەکەوێت، ئەو کارەسات و نەگبەتیانەی کە تا ئێستا بە سەر میللەتی کوردا هاتوون ، بوونە بە هۆی بەرفراوانی مێشک و فکروهزری مرۆڤی کوردەوە، زۆربوونی قوتابخانەو دانیشگاکان و بەربڵاو بوونی شارستانیەت و فراوان بوونی لایەنە ڕۆشنبیرەکان و دەزگا ڕاگەیاندنکان، نەوەی کوردی ئەورۆی گەیاندوە بە ئاسۆیەکی ڕووناکترەوە. ئەو ئارمانجانەی کە بە بۆنەی پێشکەوتنی خوێندنگاوە هاتوونەتە دی و ئەو تێکەڵاویە زۆریەی کە کوردان ئەورۆ هەیانە لە گەڵ شارستانیەتە مەدەنیەکانی ئەوروپاوە . ئەویش لە سایەی پاراستنی گیانی گەلێک لە ڕۆشنبیرانی کورد بووە کە بەرەو ئامریکاو وولاتە ئەوروپیە پێشکەوتوەکانەوە ڕایانکردوە ، خواستەکانی گەلی کوردیان زیاتر فراوانتر کردۆتەوە، ئەم کۆمەڵە تێگەیشتوە هەردەم هەوڵ دەدات لە کۆمەڵگای ئەو وولاتانەی چەندەها ساڵە ژیانی تیادا بەسەر دەبەن کەڵک لە بنەما دیموکراتیەکانی وەربگرن. نابێت ئەوەش لە بیرە خۆ کەین کە دونیای ئینتەرنێت جیهانی بەیەکجاری ڕۆشنترکردۆتەوە، جگە لەوەش دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی تەلەفزیۆن، گەلەک کاریگەر بووە بە سەر دامو دەزگای ڕژێمە تاریک خوازەکانەوە ، کە هەر هەموو باسێک تیایدا قەدەغە بوو، تەنها کاری دەزگاکانی سەر بە ڕژێمە

دیکتاتۆرەکان ئەوە بووە کە بەسەر شانو باڵی سەرکردەکانەوە هەڵبدەن. ئامێرە تەکنەلۆژیەکانیش بەڕاستی وا کاریگەر بوونە کە جیهانیان زیاترکچۆڵەتر کردۆتەوە، بوونی ئەو دەزگا بە شەوکەتە دەنگ و هەواڵ بە هەمان سات دەگەیەنێتە گشت کونجێکی دونیاوە، دەزگا ڕۆشنبیریەکانیش بوون بە هۆی نزیک بوونەوەی کولتورە جوداکانی گشت جیهانەوە، کە زیاتر لە دابونەریتی یەکتر ئاشنا ببن و لقە جوداکانیان بەشتوەیەکی بێگەرد بۆ یەکتر شی بکەنەوە. وە هەروەها گرێدانی ڕۆشنبیری بە تاقە یەک جیهانەوە، سۆز و بیری گشت میللەتانی سەرزەوی  بۆ دیتنی ئاسۆی ئازادی و دیموکراتی تێکهەژاندوە و دواتر پێک لکاندۆتەوە.

لێرەدا نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە ڕووداوەکانی 11 سەپتەمبەر هەر بە خۆی کۆدەتایەک بووە دژ بە توندڕەوەکان و وولاتە دیکتاتۆرەکان، کۆندالیزا رایز بە خۆی دانی بەوەدا ناوە  کە چۆن ئیدارە ئامریکیەکان زووتر نارێزیان نواندوە بەرامبەر بەو هەلانەی بە ئەنجامیان دابوو دژ بە زۆرینەی وولاتە ئیسلامیو عارەبیە دیکتاتۆرەکانەوە، ئەویش بە هۆی پشت گوێخستنی ئەم ئیدارەیە ڕوو بەڕووی ئەو هەموو کارە نارەوایانە بووە کە دژ بە مافی مرۆڤایەتی و یەکسانی گەلان کرابوون و ئەنجام درابوون.

ئەم ڕەوتە بەرامبەر بە میللەتە چەوساوەکان هەر بەردەوام بوو تا ڕووداوەکەی 11 سەپتەمبەری 2001، جا بەدوای ئەو ڕووداوە وولاتە یەکگرتوەکان لە خەو ڕابوون و زانیان کە کار لە کار ترازاوە و توندڕەوی و کاری تێرۆریستی هەتا بۆ لای خۆشیان باڵی کێشاوەتەوە، وە بۆیان ڕوون بۆوە کە هەر هەمان وولاتە دیکتاتۆرەکانن کە هەڵدەستن بە یارمەتی ڕێکخراوە توندڕەوە و تێرۆریستەکانی تێکدەری باری ئارامی و ئاسایشی جیهانەوە. .
ئەو هۆیانەی کە سەرووتر باسمان لێکردن دەبنە کاردانەوەی ئەوەی کە میللەتی عێراق بە گشتی ونەتەوەی  کورد بە تایبەتی بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا سوود لەو بارو دۆخە نائاساییە ببینن، و ڕووداوەکان بە باشی بەسەر میللەتی کوردا بشکێنەوە، هەر بۆیە

پارچەیەک لە پارچەدابەش کراوەکانی کوردوستان لە ژێر حوکمی فاشی عارەبی ڕزگاری بوو ، ئەم ڕووداوانە کاریگەر بوونە لە زۆر جێگای تریش لەم سەر زەمینەدا، وەک ئەفغانستان، دەنگدانەوەیەکیش بوو لە وولاتی میسردا بۆ دەست پێکردنی پرۆسەی دیموکراتی، هەر بۆیە چەن خاڵێکی بنەڕەتی لەوێندەرێ هاتنە گۆڕێ و گرووپە ئسلامیەکانیش ئیستاکێ بە شێوەیەکی نیمچە دیموکراتی لە پارلەمانی میسر دا خۆ دەنوێنن.

ڕووداوێکی تریش ئەوەیە کە ڕێکخراوەی حەماس بە شیوەیەکی دیموکراتی و لە سەر سەندووقی هەڵبژاردنەکاندا هاولاتیە فەڵەستینیەکان بە ڕەزمەندی خۆیان دەنگیان پێدان و سەر کەوتنیان بەدەست هێنا بەرامبەر بە ڕێکخراوەی فەتحی دەستەڵات دارەوە ، هۆکارەکانیشی بە زۆری بۆ گەندەڵی ئیدارە و سەرکردەو لێپرسراوە فەڵەستینیەکان دەگەڕێتەوە.

## <u>تروسکی دیموکراتی و ئازادی هەر دێنە بەرهەم</u>

دەست بەسەراگرتنی دەستەڵات بە زۆردی و چەوسانەوەی خەڵکی لە وولاتانی لای خۆمان و دراوسێکانمان، تەنها ماوەیەکی کاتیە بۆ هاتنە دی و ئاڵوگۆڕکردنی بنکەی دەسەڵات و گۆڕین، بێگومان کۆتایەکەشی هەر نەمانە، لێرەدا بێشک دەتوانم بڵێم کە بە میراتبوونی دەستەڵاتیش بۆ بنەچەکان هەر بەرەو نەمان دەچێت، ئازادی و دیموکراتی مرۆڤ لە هەموو جیهاندا حەتمیەکە کە ڕووالەتە پێکهاتوەکانی سرووشت بە کاوە خۆ دەیانگۆڕێت. جەماوەری بەشخوراوی لای خۆمان و وولاتە دراوسێکانمان بەرامبەر بەم نا ئارامیە بە یەک دەنگ ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن ، ئەمەش بە پاڵپشتی رۆحی لاوان گەنجان بۆ بەدیهێنانی گشت مافە خوراوەکانیان دێتە کایەوە، فشاری ئامریکاو ئەوروپیەکان لەگەڵ پێکداچوون و تێکداچوونی ئەو هەموو گۆڕانکاریە بە پەلانەی جیهان بە گشتی، پاڵدەرن بۆ خولقاندنی

سرووشت و بارێکی ولۆ گونجاو کە بنەما بنەڕەتیەکانی سەرەکی دیموکراتی و ئازادی بتوانێت سەرهەڵبێنێت.

ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات کەڕیشەکەی لە سەر تازەترین دەستووری گونجاو و لەبار بۆ خۆشگوزەرانی گشت هاولاتیان دارێژرابێت، لەو دەستوورەی داهتوودا بە تەواوی ڕێز لە بۆچوونەکانی مرۆڤ دەگیرێ و مافی مرۆڤ دەپارێزرێت. دەزگا حکومیەکان و دادگاکان تەنها بە یاساوە پەیوەست دەبن، دەزگا ئاسایشەکانیش خۆ بە چوارچێوەی سەرۆکایەتی یاساوە دەبەستێتەوە، بارو دۆخێکی ولۆ پەیدا دەبێت کەهاولاتیان لە ژێر سایەی ئازادی و دیموکراتیەتێکی ڕاستەقینەدا خۆیان ببیننەوە. گەل بە خۆی سەرۆک و ڕابەرەکانی خۆیان لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا بەشێوەیکی ڕاستەوخۆ و سەربەستانە هەڵدەبژێرن، جگە لەوەش کەسانێک ئیدارەیان دەکەن کە بەڕاستی ببنە شایەنی زامن کردنی ژیانێکی ئارام و بەختەوەر بۆ ڕۆژگاری ئەوڕۆو سەقام گرتنی باری ئابووری ئایندەدا، هەر هەمووکمان بە نیازی ئەو ڕۆژەین کە ئاسۆی ڕاستەقینەی دیموکراتی لە وولاتەکەماندا سەر هەڵبێنێت ، هەرچەندە ئەو ڕۆژە دووریش بێت بەڵام من دڵنیام لەوەی کە ئەو نیازە هەر ڕۆژێک دێت بێتە دی.

**بارزان شوان**

uvnbas@hotmail.com